# بەرگری نەتەوەیی لە مۆسیقادا

نووسینی /ئەنوەر قەرەداغی
سلێمانی 2007/6/21
www.anwerqaradaghi.com



کاتێك هەر میللەتێك یان هەر گەلێك لە ژیانی ئاساییدا تووشی هەندێك بەرنگاربوونەوە دەبێت رەنگە لە زۆر روەوە نەتوانێت ئەو بەرەنگاریە ئەنجام بدات وەك بەرهەڵستی چەكداری یان بەگژا چوونەوە یان داكۆك كردن لەسەر مافە رەواكانی بەو شێوانەی ئاسایین ومافی رەوای خۆین.یان كاتیٚ بەڵایەكی كۆمەڵاتی یان ئابووری یاسیاسی ...هتد,دێتە پێشەوە وفریای ئەوە ناكەوێت بەرێگایەكی ئاساییی بەرەنگاری ببنەوە,ئەوا هەندیٚ بواری تر هەن كە رۆڵێكی گرنگ دەبینن بۆ ئارام كردنەوەی كۆمەڵ یان
بە وورەدانیان بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خۆ راگربن و بەرهەڵستی بكەن لەپێناو بیرو باوەڕیان ومانەوەی كۆمەڵ, بەچارە سەریەك ئەو بەرهەڵستیە بكاتە خەمێكی گەورەی خۆیان و وورەیانی پیٚ بەرز ببێتەوە تا قۆناغێكی تر لەگۆڕانكاری گونجاو و لەبار .بێگومان بواری هونەرو ئەدەب بە هەموولقەكانیەوە هۆیەكی زۆر گرنگن بۆ رۆڵبینین بۆ ئەم مەبەستە ..چۆن..؟

گۆرانی سیاسی كوردی لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە نشونمای كردووە لە گەڵ گیانی كوێرەوەری میللەتی كورداو لەگەڵ هەموو ئەو بەرهەڵستی شۆرشانەی بەرپایان كرددووە, وەك ئەو شۆرشانەی لە كوردستانی عیاق و ئێران و توركیا كە بەرامبەر رژێمی ئەو ولاّتانە بەرپایان كردووە دژ بە توانەوەو لەناو بردنیان.رەنگە جێی داخ بێت كە هەر ئەو رژێمانە بوونە هۆی ئەوەی كە كورد نەتوانیٚ وەك پێویست مێژووی هونەری خۆی بنووسێتەوەو بینگەیەنێتە ئەم سەردەمە.بەڵام گەیاندی جۆری ئەو رووداوانە دەماو دەم بەهۆی كاری هونەریو ئەدەبی بەشێكی لێتێگەیاندووین و گەیاندوینی بە هەندیٚ مەبست,ئەویش لەریێی ئەو بەیت وداستان و لاوك ودیرۆك و....چەندینی تر لەم بابەتانە .
گۆرانی سیاسی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆدەوری ساڵەكانی 1900بەم لاوە بەتایبەت دوای كپكردنی شۆرشی شێخ مەحمودی نەمر لە ناوچەی سلێمانی دژ بە داگیر كەرە بەریتانیەكان ساڵی1919 ی زاینی خەڵكی بەهەناسەیەكی پڕلە گیانی كورد پەروەریەوە بە هۆنراوەو گۆرانی یان سروود یان هەرشێوازێكی تر لەم شێوازانە وەك(لاوك) كە بە سەردەمی كەسانێكی زۆرەوە بووە و لە مەجلیس و كۆرو دانیشتنی دیوەخانەكاندا یان زۆر جاریش لەكاتی كاری كرێكارو جوتیارەكان لە ناو كێڵگەو بێستانەكاندا بەدەم كاركردنەوە دیان ئەوتەوە,. دەڵێن لەگۆرانیبێژان (دایكی جەمال) كە گۆرانیبێژێكی (نۆموسوڵمان )بووە وناوی خۆی(بەهیجە خان) بووە یەكەم كەس بووە كە گۆرانی سیاسی ووتوە بەڵام لەو گۆرانبانەی كە دەست كەوتوون تا ئێستە چەند دانیەكی كەم نەبیٚ ئەوانی تری دیار نیە چونكە كە شووی كردووە مێردەكەی مەرجی ئەوەی لەگەڵیا هەبووە كە چیتر گۆرانی نەڵێت,هەروەها دەڵێن یەكەم گۆرانی بێژبووە كە لەهەستی نیشتمانیەوە گۆرانی بۆ شێخ سەعیدی پیران ووتوە.
بێگومان زۆر لە شاعیرە گەورەكانی ئە سەردەمە شیعری زۆر بەرزیان ووتوە كە هەمووی پەروەردەكردنی هەستی نەتەوەیی پێوە بووە و تەنانەت خۆشیان لە سەر ئاوازێكی بەر گوێیان كە رەنگە توركی بووبیٚ یان عەربی یان فارسی چونكە ئەو شاعیرانە ئاواز دانەر نەبوون و مۆسیقازانی واش نەبووە ئاواز بۆ ئەو شیعرانە دابنێت, لەبەر ئەوە هەر وا پەنایان بۆ ئەو

ئاوازە بەرگوێیانە بردووە و تا ئێستەش زۆری هەروا ماوە و (کوردێنراوە)جگە لەهەندێك ئاواز کە بە سەلیقەیەکی سادەی جوان دانراون و دەماودەم گۆرانیان بەسەردا هاتووە بەتایبەت پاش ئەوەی دوای سالانی 1950–1960 هەندێك هونەرمەند لەبواری نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا هاتنە کایەوەو ئەو هەلانەی هەبوون راستیان کردنەوە بەتایبەت لە شاری سلێمانی.

کاتێك مندالْ بووم لە پۆلی یەکی سەرەتاییسالی 1950–1951 لە قوتابخانەی دووەم لە شاری هەلەبجەی شەهید هەموو رۆژێك لە ریزدا رایان دەوەستانین بۆ پشکنینی رۆژانە بزانن کیْ پاك و تەمیزە و کیْ چلکن و کولکنە هەر بەدەم ئەو راوەستانەوە لەریزدا مامۆستایان هانیان دەداین کە شتێك پێشکەش کەین بە قوتابیانی تر ئیتر شیعر بوایە سرودێك بوایە یان هەر چالاکیەکی تر,لە ناو هەموو ئەو چالاکیانەدا ئەوەی سەرنجی رادەکێشا ئەوە بوو لە پاش ریز بوون راستەوخۆ دەبوایە سروودێکمان بوتایە کە مامۆستا فێری کردوین, ئیتر تاقمی سروود بیوتایە یان هەموو قوتابیان, ئێمەش کەمندالْ بووین ئەو سروودەمان دەوت بیْ ئەوەی لە مانای تێکستەکەی تیْ بگەین وەك پێویست بۆ نموونە سروودی::




ئەی رەقیب هەر ماوەقەومی کورد زوبان

نایشکێنیْ دانەیی تۆپی زەمان

کەس نەلیْ کورد مردووە کورد زیندوە

زیندوە قەد نانەویْ ئالاکەمان ........................هتد

یان

کوردستان جێگای بەچکە شێرانە

جێگای هاوارگەی کوردو گۆرانە.......................هتد

یان

ئەی کوردینە ئەی مەردینە

تادەست لەناو دەست کەین هەموو....................هتد

ئیتر چەندین لەم سروودە جوانانە دەوترا ,(خوانەکات گۆرانیەك بوترایە ئایا فۆلکلۆر بوایە یان دانراو یان باس لە خۆشەویستی ئافرەت و چاوی جوان و .....ئەم جۆرە شتانە بکات) چونکە ئەوانە بواری پرۆگرامی خوێندن نەبوون لە پرۆگرامی خوێندندا تەنها وانەی سروود هەبوو,جاری واش هەبووگەر هەر قوتابیەك سروودەکەی

لەبەر نەکردایە مامۆستا جۆرێك سزای ئەدا .ئیمش لە ترسدا لەبەرمان دەکرد تا سزا نەدرێین لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ جار باسی کوردایەتیان بۆ دەکردین و ئێمەش تەقەی سەرمان دەهات ............قۆناغ بە قۆناغ رۆشتین تامێشکمان دەکرایەوە زیاتر تێدەگەشتین لە حاڵی خۆمان و بواری نەتەوەییمان کە میللەتی کورد چۆن زوڵم لێکراوەو مافەکانی پێشێل دەکرێن لە لایەن دەسەڵاتداران ومیللەتانی دراوسێوە بۆیە لێکدانەوە لامان پەیدا دەبوو لە مانای ئەو سروودانە, تا شۆرشی 14ی تەمووز کە جۆرە ئازادیەکی هێنایەکایەوە و بۆنەکان زۆربەی زۆری بە سروودی نەتەوەیی ئەرازێنرایەوەو پێشبڕکێ بو لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا کامیان گیانی نەتەوەیی دەبەخشن بە خەڵکی و ئاواتەکانیان دەهێننە دی وداوای دەنگیان دەکرن, هەموو ئەمانە وای لێکردین بچینە ناو رێکخستنی پارتە کوردیەکان و خۆمان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ژێر چاودێری سەروی خۆمان ئەرکەکانمان وەك ئەرکێکی کوردایەتی ئەنجام بدەین ,رادیۆی بەغدا هەندێ جار سرووی لێئەدا کە لەوە پێش لە رادیۆوە گوێمان لێنەدەبوو وەك (ئەی کوردینە )و هەندێ جار (ئەی رەقیب) و سروودەکانی تر پاش ماوەیەك ئەوەش نەما هەندێك لەشاعیران هەستی خەڵکیان جۆش ئەدا بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوەیی بە خوێندنەوەی هۆنراوەی نەتەوەیی کە دڵی خەڵکی پڕدەکرد لە هەستی نەتەوەیی وخۆ بینینەوە وەکدێرێك لە هۆنراوەکانی خوالێخۆشبوو(کامەران موکری) کە دەیوت:

کوردەکە ئەوەندە مەرد بوو

کە ئەچووە بەردەمی قەنارەکە

ئەو بە مردنی دەوت رامەکە

بەدوای وتنەوەی چەندین جار ئەم دێرانە خەڵکی ئامادەبوان دەنگی چەپڵە رێزانیان دەبووە ریتمێکی پڕ خرۆش لە ناخیاندا

هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی ئە سەردەمە لە بۆنە نیشتمانی وکۆمەڵایەتیە کاندا لە گەڵ سروود و گۆرانی کوردی جوان بە دەنگی گۆرانیبێژانی ئەو سەر دەمە بە هاوکاری قوتابخانەکان دەنگی سروودەکانیان ئەدا بە گوێی خەڵکیدا بۆ خرۆشاندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری ,لە مەکتەبەکاندا مامۆستایانی وانەی سروود کەمتەرخەمیان نەکردووە لە فێرکردنی قوتابیان بە سروودی جوان کە هەستی هەموو خەڵی ئەبزواندو بەیانیان دەنگیان دەگەشتە جادەو کۆڵانەکان لە دەرەوە خەڵکی دەوستان و هەندێ جار دەیان ئەوتەوە, من پاش ئەوەی هاتین بۆ سلێمانی لە قوتابخانەی (فەیسەلیەی) ئەوسا کە ئێستا قەتابخانەی پێشکەوتنە وەرگیرام لە تاقمە سروود دانرام دەبوایە هەموو بەیانیەك لە ریز بووندا چەند سروودێکمان پێشکەش بکردایە و هەندێ جار بە جووڵەی دراماتیکیەوە.لە پاش ساڵی 1961 وە بارودۆخی سیاسی کورد لە کوردستانی عێراق کە بەرەو خراپی رۆشت زۆر چالاکی بە ئاشکرا نەدەکرا لە بەر ئەوەی یاساغ بوو بەڵام خەڵکی لە منالْ و گەورە سرووده کوردیەکانیان بیر نەدەچووەوە و بە ووتنەوەی چ لەرادیۆ نهێنیە کان چ لە دەرفەتی گونجاودا بەوسروودانە جۆشیان بە دەروونی خەڵکی و پێشمەرگە ئەدا و لە گەڵ هەستی خۆیدا بۆ دروستکردنی گیانی بەرگری مێشکی خۆی پێ پڕ دەکردو ئەوەندەی تر سوور دەبوون لە بیرو باوەری کوردایەتیان(ئەمەش لە مێژووی هەموو میللەتانی جیهاندا دیارە کە رۆڵی ئەو سروودانە چەند کایگەری هەبووە).

دوای ساڵانی 1964 ئێمە چەند هونەرمەندێك بووین لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی لە گەڵ برایانی ئازیزم خوالێخۆشبوو (مامۆستا ولیَم یۆحەننا و مامۆستا جەلال عەزیزو هونەرمەندان خالد سەرکارو فەرەنسیس داوود) کە بۆ یەکەم جار زۆر لە سرووده کوردییەکانمان تۆمارکرد بە تواناکانی ئەو سەردەمە ( تا ئێستەش نوسخەی سەرەکیم لا ماوە ) بە سەدان کۆپیمانکردوو دابەشمان کرد بە سەر هەموو قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و شارەکانی (هەولێر و کەرکوك و

بەعقووبە موسل) و چەندین شاری ترو منیش بە بیرکردنەوەی گەنجی خۆم نۆتەی هەموو سروودەکانم لەگەڵیانووسیەوەو بۆمان ناردن لە گەڵ نووسینەوەی هەنگاوی هەندێك لە هەڵپەڕكێی كوردی وەك (چەپی ,سێپێی ً,شێخانی,گوڵشێنی) و چەندینی تر ...لە ئەنجامی ئەوە لە بەغداوە نووسراوێك هات كە هەموو ئەو سروودو نۆتانەی قەدەغەكرد ودەبوایە لەرێگای لێژنەیەكی دیاری كراوەوە بڕیار بدرایە چ سروودێك لە قوتابخانەكاندا بخوێنرێ لە گەڵ ئەوەشدا قوتابخانەكان هەر بەردەوام بوون لە سەر فێركردنی سرووده كوردیەكان ,ئەمانە هەموو جۆرێك لەگیانی نیشتمان پەروەری ئەخرۆشاند لە ناخی لاوەكاندا و( بە عەشق ئەچون بەروە پیری مەرگەوە)

1

پێشمەرگەین و كۆڵنەدەر

ئاوازی/ ئەنوەر قەرەداغی
هۆنراوەی/نوری وەشتی



بەریوە بەرایەتی بەروەردەی سلیمانی

بزووتنەوەی هونەر

((دەمی راپەرینە))

هۆنراوەی / گوران

تووسینی نوتەی/ انور قەرەداغی

دەمی راپەرینە دەمی راپەرینە — هەتا کەی بەستی و بەبەستی بژین

... دەی کورد ئارەق رشتنی — لە دل کری ناکوکی دەرکردنی

... بروونە گشت — یەکو بوونی پشت

بە یەك بوون ئەبێ — گەلت پێشکەوێ

دەمی راپەرینە ..............................

بەلادا بکە چاکی مەردایەتی — دزێنی مەکە گیان لە کوردایەتی

بگرمێنە وەك شێر بجورە ناو بەرد — بلێ گوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد

در شت تاکو وورد — ئەکەین دەست و برد

بە هەق چۆن ئەگەین — بشو چۆن ئەدەین

دەمی راپەرینە ..............................



بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی

بزووتنەوەی هونەر

ئامادەکردنی / انور قەرەداغی

(( هەڵپەڕکێی گۆلشینی ))

پێویستە بۆ ئەم هەڵپەڕکێیە ئەم هەنگاوانە بگرین کە بریتییە لە ....

دەست گرتن بە پەنجە تووتە وە ڕاوەستان بە ڕیز

١- قاچی چەپ بۆ پێشەوە وە پاژنەی پێ دان بە زەوی دا یەک جار .

٢- قاچی چەپ بۆ جێگای خۆی .

٣- قاچی ڕاست بە سەر چەپ دا بۆ پێشەوە وە پاژنەی پێ دان بە زەوی دا .

٤- قاچی ڕاست بۆ جێی خۆی .

٥- قاچی ڕاست بۆ پێشەوە بە سەر چەپ دا وە دانی بە زەوی دا .

٦- قاچی ڕاست بۆ جێی خۆی .

٧- ڕۆشتن بۆ لای ڕاست بە قاچی چەپ بە سەر ڕاست دا ببڕێت .

٨- قاچی ڕاست بە ژێر قاچی چەپ دا ئەبڕێت بۆ لای ڕاستەوە بە تەنیشت قاچی چەپەوە دا ئەنرێت .

ئەم هەڵپەڕکێیە لە سەر وزنی ( ایقاعی ) ٥/٤ کە ایقاعی جۆرجینا یە . وە بریتییە لە هەشت هەنگاو کە دووبارە ئەبێتەوە .







دروست بوونی گرووپی هونەری لە شاری سلێمانی وەك تیپی مۆسیقای سلێمانی و هەندێ تیپی تر لە شارەکانی کوردستانداوەك هەولێرو دهۆك و کەرکوك کۆیە ئەمانە ڕۆڵی باشیان هەبوو لە ناساندنی هەموو ئەو

سروودو گۆرانی سیاسیانەی کە لەو سەردەمانەدا بلاّو بوون و ئاوازدانەری کوردی هاتنە گۆڕەپانی هونەری مۆسیقاوە و بە هەستێکی زۆر روون هەوڵی خروشاندنی گیانی نیشتمان پەروەریان ئەدا لە ناو خەڵکید و بەرهەمەکانیان لە ئێستگە بەرهەڵستیەکاندا بووبوە بەرنامەیەکی رۆژانەو خەڵکی بە بیرو باوەڕێکی پتەوەوە گوێیان لێ دەگرت و لەبەریان دەکرد,لە هەموو ئەو ئاهەنگانەی تیپی مۆسیقای سلێمانی دەیگێڕا یان بەشداری تیادا دەکرد دەستپێکی هەمووبەشداریەکیان چەپکێك سروودی خرۆشێنەر بوو کە هۆڵەکانی ئەلەرانەوە بە دەنگی ئامادە بووان میوانای سەرسام دەکردێ ,هەر هەستی نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی وبەرپرسیاری وای لە هونەرمەندانی کورد کرد کە ساڵی 1974 پەیوەندی بە شۆرشی ئەیلولەوە بکەن لە سەرووی هەموویانەوە تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی باواجی کۆیە بوون لە گەڵ هەندێك لە هونەرمەندانی ناوچەی بادینان و کەرکوك و هەولێر کە جوانترین و بە خرۆشترین سروودیان پێشکەش بە شۆرش کرد بە جۆرێ وورەی پێشمەرگەو خەڵکی بەتایبەت خەڵکی ناو شاری بەرز دەکردەوە.



رۆڵی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی لە فێستیڤاڵی سالانەیاندا لە هەر شارێك لە شارەکانی عێراق جێی سەرنجی ئامادەبوان بوون, سیخوڕەکان لە هەمولایکەوە خۆیان بۆ مەڵازدابوو تا لاپەڕەی رەشی راپۆرتەکانیانیای پێ پڕ بکەنەوە بەتایبەت دوای ساڵەکانی 1975 بەم لاوە زۆریش بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە باجی خۆی ئەدا و بەخەیاڵیشیا نەدەهات هەر ئێرەش مەڵبەندی فێرکردنی گیانی نەتەوەیی بوو لەناو قوتابیانی هونەر و ئەدەب دا. هەمان حاڵیش لە فێستیڤاڵەکانی زانکۆکاندا لە شارەکانی عێراقدا تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی بەشداری دەکردو وای لە ئامادەبوان دەکرد کە لە هۆڵەکان بە خۆپیشاندان بێنە دەرەوە وەك لەساڵی 1979رووی دا لەناو جەرگەی بەغدا رووی داو لێکۆڵینەوە لە بەرپرسانی فێستیڤاڵەکە کراو دژایەتی دەکران لە لایەن رژێمەوە.



لە شەڕی قادسیەی دۆڕاودا هونەرمەندی کورد دوورە پەرێز خۆی ڕاگرتیوو لە پیادا هەڵدانی ئەو شەڕە دۆڕاوە بە پێچەوانەوە سروودو گۆرانیەکانی هەموو هێما بوون بە یەك دەنگی لە گەڵ لوولەی تفەنگی پێشمەرگەو لە سەنگەری قەڵەم و هونەردا بوون بەرامبەر داگیر کەران بەراستی ڕۆڵی تیپی مۆسیقای سلێمانی ڕۆڵێکی دیارو ئاشکرا بوو لەناو جەماوەرو پێشمەرگەدا,سروودەکانیان بوبوونە ئاوازی مەشقی بەرەو مەرگ .

هەر دوای ڕاپەرینیش ئەو بەردەوامیە گەشەی سەند و بەرەو پێشوە چوو هەرچەندە شەڕی ناو خۆ هونەرمەندانی زۆر تۆرانبو بەوەی ئەو سروودانی دەوتران بەرامبەر دوژمنی کورد ووترابوون بەڵام ئەمان بەرامبە بەیەك لە ئێستگەکانیان لێیان ئەدا بۆیە دڵی هونەرمەندانی زویر کردبوو(ئەو بارو دۆخە بڕوات و قەت نەیەتەوە).

هەر بە سێوەیەك لەم سێوانە مۆسیق وەك چەکێکی بەرگری لەناو میللەتی کرددا بەکار هاتووە وەك هەرمیللەتێکی ئەم جیهانە بەو ئاواتەی ئەوهەموو زەحمەت وماندووبوونەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە فیڕۆ نەڕوات و هەموو بە یەك دەنگ سروود بۆ ئایندەیەکی گەشی کوردستان بڵێین و هەمووپێکەوە بڵێین:

ئەی کوردینە ئەی مەردینە بادەست لەناودەست کەین هەموو

بۆ بەرزێتی خاکی وەتەن بۆ یەکێتی بچین هەموو کوردین هەموو



بەڕیوە بەرایەتی پەروەردەی سلیمانی
بزووتنەوەی هونەر

(( دیمەنی کوردستان ))

هونراوەی / هاوار
نوسینی نوتەی/ انور قەرەداغی

1 کوردستان جێگای بەچکە شێرانە
2 خوایە هەر خۆشبێ بۆمان تا سەربێ
2 خۆشترین جێگای رووی سەر زەمینە
2 خوایە ئاوا بێ نەیکەی وێرانە
2 پڕ لە شاخ و کێو چیا و رووبارە
2 چوار وەرزەی لە لا هەر وەك بەهارە
2 گەر باوەڕ ناکەی هەستە بێرەلام
2 بت بەم بو سوڵە بۆ پیرە مەگروون

جێگا هاوارگەی کورد و گۆرانە
پاشماوەی خاکی ماد و بابانە
بەهەشتی ئاوای رۆژی دواینە
چەندە دڵگیرو جوان و شیرینە
هەمووی سەیرانگای گوڵ و گوڵزارە
بۆ هەر لا ئەڕۆی هەر مێرگ غوزارە
بتگێڕم بە ناو پێنجوێن پیر ملم
شەقلاوە و قەندیل با بتکەم سەرسام

Tempo De march